# دڵڕەقی و بێدەنگی !

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

لەم ڕۆژانەی ڕابردوو ، دەرفەتی ئەوەم بۆ دروست بوو ، کتێبەکەی " کەنعان مەکیيە " کە بە نێوی دلرەقی و بێدەنگی بلاوبۆتەوە بخوێنمەوە ،کتێبەکە لە لایەن کاك "حەمەڕەشید " ەوە کراوە بەکوردی ، ئەگەرچی تائێستا هیچ  نووسین و ڕەخنەو بە سەرکرنەوەیەکی ئەم کتێبەم بەرچاو نەکەوتووە ، بەڵام پێم وایە ئەم کتێبە هەڵگری زۆر لایەنی گەرمی هەر ئێستای مێژو و سیاسەتە لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی ، ئەو لە توێ ی ئەم کتێبە لە کاردانەوە سایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتیەکانی کەسایەتی عێراقیەوە دەچێتە شی کردنەوەی دیاردەیەکی گەورەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق لە ژێر ئەزموونی حوکمڕانی بەعسدا .



Kanan Makiya

خوێندنەوەی ئەم کتێبە گرنگە ، نەك لە بەر ئەوەی کۆمەکی دەکا بە ڕاو کردنی دەزولەکانی توند و تیژی و دلڕەقی لە بینای کەسێتیدا ، بەڵکو کۆمەکیش دەکا بە وەی لە دوای ئەم ئەزمونە تاڵەی حوکمی بەعس ، فێرمان دەکا بێ دەنگ بوون  لە بەرامبەر تاوان و سیستەمی حوکم ، یان بێ دەنگ بوون لە بەرامبەر هەر تاوان و دڵرەقیەکی تاکە کەسێك لە بەرامبەر کەسانی تردا ، شەریك بوونە و بەشێکی تەواوکەری تاوانەکەیە ، فێرمان دەکا کە هەڵبژاردنی بێ دەنگی ، تەنیا لە خاڵی بوون و تایبەتمەندیەکی ڕۆحیەوە سەرچاوە ناگرێ بە ڵکو لە ئەنجامی مل کەچ بوونە بۆ کولتوری نەگۆڕ ، ترس لە ئاقیبەتەکانی گۆڕان و دەست نەبردن بۆ ئەلتەرناتیڤی تازە سەرچاوە دەگرێ ، دڵرەقیەك کە ئەم لە سەر کۆڵێ دۆکیومێنت پەنجەی بۆ درێژ دەکا ، سەدام و سوپاو ئایدەلۆژیای فاشیزم و سەربازانی دەستەی ئیعدام و سەرۆك جاشەکانی پێشەوەی هێرشەکانی ئەنفال هەمووی کۆ دەکاتەوە لە دیاردەیەکی گەورەتر لە مەوقیعی لە دەسەڵات مانەوە ، بە مانایەکی تر دەشێ ئەم دڵرەقیە مەودایەکی گەورەتری هەبێ ، کە درێژ دەبیتەوە بۆ هەموو وولاتە عەرەبیەکانی ناوچەکە ، بۆ هەموو ئەو هێزانەی لە ژێر سایەی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا ، لە ژێر قەیرانەکانی گەڕان بە دوای شانازیەکانی ناسنامە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم توندو تیژیەدا بەردوامن .

لەم کتێبە ناوی گەورە گەورە ، ئێدوارد سەعید ، جۆرج تەرابیلشی ، سەمیر ئەمین ، محەمەد جابر ، مەحمود دەرویش ، نەزار قەبانی ، هەڵوێستەکانیان ڕیز کراوە ، هەڵوێستی پیا هەڵدان و تیئۆریزە کردن ، داتاشینی پاکانەی پڕوپوچ بۆ  دیفاع نامە لۆکەلیەکانی ڕژێمە خوێناویەکان لە ژێر ناوی ئەنتی ئیمپریالیزم

**بووندا هەمووی وەکو دوکیۆمێنت ، شایەدی دەدەن بەو جێ و شوێنەی ئەم ناوە زلانە لە بەرامبەر مەینەتەکانی خەڵکی کوردستان وعێراق هەڵیان بژاردبوو ، کە کۆمەکی بە خنکاندنی دەنگی ناڕازی و کۆمەکی بە قایم کردنی بێدەنگی کردووە .**

**خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ خوێنەری کوردیش زەرووڕەتی خۆی هەیە ، چونکە ڕۆشنبیرەکانی دەسەڵاتی سیاسی و میدیای حیزبی نیگەرانی و بێزاریەکی زۆریان پێوە دیارە ، کاتێ لە دەرەوەی ئەواندا ، دەنگی تر دەیەوێ لە ئاست ئەمڕۆی ئەزموونی دەسەڵاتی کوردیدا لە بەرامبەر خەوشەکانی و دڵڕەقیەکانی بێ دەنگ نەبێ ، ئەوان دەیانەوێ ڕاهاتن و قبوڵ کردن جێ ی وروژاندنی پرسیار و سەربەخۆیی هەڵوێست و بیرکرنەوە بگرێتەوە ، ئەم کتێبە ئەگەر لە یەك ڕستەدا کۆی بکەمەوە ، پێمان دەڵێ نە دڵڕەق بە ، نە لە بەرامبەر دڵڕەقیدا بێ دەنگ بە !**